# نابێ لە گاڵتەجاڕیی هەڵبژاردنێکدا بەشداری بکرێت کە بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی داسەپاوی ئەم لیستە بەریدەخرێ!

**ئەگەر نەوشیروان بە دەست دکتاتۆریەتی تاڵەبانیەوە دادو بێداد بکات، هاوڵاتیەکی سادە چی بکات؟!**

ڕێبوار ئەحمەد

لە 13 ساڵی رابردوودا ئیمە هەمیشە جەختمان لەسەر سەرکوتگەری و تالانچیتی و پاوانخوازی و فەسادی و سات‌وسەوداو... یەکیتی و ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتی و سەرکردەکانی کردوەو هەتا پیویست بکات بەلگەی رۆشنمان بۆ ئەم راستیانە خستوەتەروو. لە بەرامبەردا ئەم حیزبانەو سەرکردەکانیان بۆ داپۆشینی ئەم لاپەرە رەشانەی خۆیان، ئێمەیان بە بوختانچی و ئاژاوەگێرو گومانلیکراوو ناحەز بە ئامانجەکانی خەلکی کوردستان ناوزەد کردوەو هەولیانداوە بەم پروپاگەندەو تۆمەتە پوچانە میشکی خەلکی کوردستان لە قالب بدەن بۆ ئەوەی گوێ بیستی راستیەکانی نەبن.

بەلام ئەمجارە پیویستی بەوە نیە ئیمە قسە بکەین، تەواوی ئەو راستیانەی پیشوتر ئیمە باسمان لیکردوە، لەلایەن سەرکردە پلە دوو و سێکانی خودی یەکیتیەوە لە ئەزمەو ناکۆکیەکی ناوخۆییاندا بە بەلگەی رۆشنەوە ئاشکرا کراوە. نامەی هاوبەشی نەوشیروان مستەفاو کۆسرەت رەسول و عمری سید علی، هەورەها نامەی بەرهەم صالح نیشانیدەدەن کە بزووتنەوەی کوردایەتی و حیزبەکانی چ زەلکاویکیان خولقاندوە. سەرنجیکی کورت لەو بەلگەنامانە بەسە بۆ ئەوەی کارنامەی ئەم حیزبانە لە دەمی خۆیانەوە ببیستین و رونبیتەوە کە هیچ خەتاو تاوانکاریەك نەماوە ئاگاهانە نەیکەن. تەنها ئەم دوو بەڵگەنامەیە بەبێ هیچ شتیکی تر بەسە بۆ ئەوەی کە ماهیەتی میژوو و ئالاو سرودو سەرکردەو سەرجەم رەمزەکانی ئەم بزووتنەوەیە بۆ هەموو کەس ئاشکرابیت.

بەلام بەراستی ئەگەر نەوشیروان مستەفای ناسراو بە کاروکردەو رەفتارەکانی، بە دەست تاکرەوی فەردی و دکتاتۆریەتی تالەبانیەوە دادوبیداد بکات، ئاخۆ دەبێ حالی هاولاتیانی کوردستان بە دەست ئەم جەنابانەوە چۆن بیت؟ ئەگەر گەورە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نەتوانن لە کۆبونەوەی خۆیاندا قسەی دلی خۆیان بکەن، ئاخۆ هاولاتیانی سادەی کوردستان چۆن بتوانن لەسایەی دەسەلاتی ئەم تۆتالیتارە چکۆلانە قسەی دلی خۆیان بکەن؟ ئەگەر ئەمە دیموکراسی و ئازادی ناوخۆییان بیت، ئاخۆ دەبێ دیموکراسی و ئازادیە بێ سنورەکەیان بۆ خەلك و کۆمەلگا چۆن بیت؟ بە زمانی خۆیان ئاشکرای دەکەن کە سکرتیری گشتییان هەمە کارەو خاوەن دەسەلاتی موتلەقەو هەموو شتیکی لە دەستی خۆیدا کۆکردوەتەوەو تاکرەوانە دەست لە هەموو شتیك وەردەدات و هەموو شتیك دەبریتەوە، کەچی ئیمە کۆمۆنیستەکان بە تۆتالیتاری تاوانبار دەکەن. ئەگەر پییان بوتریت ئیوە لاسایی بەعس دەکەنەوە، ئەمە بە جنیویکی گەورە ناودەبەن، بەلام لەم بەلگەنامانەدا لە دەمی سەرە گەورەکانی ناو مەکتەبی سیاسیانەوە باسی ئەوە دەکریت کە جەنابی تالەبانی "سید الرئیس"یکە بێ کەم و زیاد کە هەروەکو ئەو خۆی هەموو شت و هەمە کارەو خاوەن دەسەلاتی موتلەقە.

ئایا ئەمانە کە لە نیو خۆیانداو لەبەرزترین ئۆرگانی حیزبیاندا بواری ئازادی بیروراو دەربرین بۆ ئەندامانی خۆیان قبول نەکەن، دەکرێ باوەر بەوە بکریت کە لە ئاستی کۆمەلگادا ئەم مافە بۆ هاولاتیان قبول دەکەن؟ ئەگەر لە مەکتەبی سیاسیاندا پیرەوی نەکردن لە زۆرایەتی بواری بۆ نەمابیتەوە، دەکری باوەر بەوە بکریت لە ئاستی کۆمەلدا گویرایەلی رای زۆربەی هاولاتیان دەبن؟ بۆ ئەم مەبەستەش جۆرەها سیناریۆی هەلبژاردن بەریدەخەن و بەم کارنامە جوانەشیانەوە هەمیشە هەر سەری خۆیان لە صندوقەکانەوە دەهیننە دەرەوە.

ئیمە 13 سالە دەلیین ئەمانە داهاتی کوردستان تالان دەکەن، بە داهات و پاروی دەمی خەلکەوە بازرگانی دەکەن، خەریکی گیرفان پرکردن و سەرمایە کەلەکە کردنن، ووتمان ئەمانە لە شاخەوە بە گیرفانی بەتال هاتنەوەو لە مالی خەلك نانیان دەخوارد، ئیستا ئەم هەموو سەروەت و سامانەیان لە کوێ هیناوە؟ ووتمان ئەمانە لە سەر بناغەی نقوم کردنی زۆربەی هەر زۆری خەلك لە هەژاری و برسیتی موتلەقدا، بەرپرسانی خۆیانیان نوقمی سەروەت و سامان کرد. گەورەترین فەسادیان بەرپاکردوە، ژیان و گوزەران و کارو خویندن و بازارو ئیدارات و هەموو شتکیان پاوان کرد بۆ حیزب و بەرپرس و ئەندام و دەست و پیوەندەکانی خۆیان، لەسەر بناغەی رووت و رەجال بوونی خەلك سەرانی ئەم حیزبانە بوونە خاوەن گەورەترین کۆمپانیاکانی سەرمایەگوزاری. ئیستا تەواوی ئەم راستیانە لە دەمی خۆیانەوە دەبیستین. ئەگەر لە نیو ئەم سەرکردایەتیەدا کەسانیکی کەم هەبن لە بەرامبەر ئەم بەلگەنامانەدا راوەستن و بەرگری بکەن، تەنها کەسانیکن کە 20 سال لەمەوپیش لەسەر ئەم جۆرە یاخی بون و زماندریژیە چاوترسین کراون و ئیتر جەسارەتی ئەم جۆرە قسانەیان لی سەندراوەتەوە. بۆیە قسەو هەلویستی ئەوانی مەرعوب هیچ بایەخیکی نیە لەم بارەیەوە.

بەلام سەیر ئەوەیە کەسانیکی وەکو نەوشیروان لە سەر بەشی خۆیان لە دەسەلات و داهاتی تالانکراو لەگەل خاوەن دەسەلاتی موتلەق کیشەیانە، کەچی لەم کیشمەکیشەدا بەرگی دلسۆزی و داکۆکی لە مافی خەلکی کوردستانیان لەبەر کردوە. لە کاتیکدا کە تەواوی میژوو کارکردیان شایەتی لەسەر ئەوە دەدات کە بە هیچ جۆریك ئەم دەورە لەوان نایات. پرسیاریك کە دەبێ ئەمرۆ خەلکی کوردستان لە نوسەرانی ئەم یاداشتنامانەی بکات، ئەوەیە کە ئەم فایلە ئەستورە چی بەسەرهات، دەسەلاتی تاکرەوانەی فەردی و فەسادو یاری کردن بە داهات و چارەنوسی خەلك چی بەسەرهات؟ دەلین کیشەکان چارەسەرکراوە. بەلام ئایا دەکرێ بۆ خەلکی کوردستانی رون بکەنەوە کە ئەم چارەسەرە چۆنە و لیرە بەدوا بەشی خەلك چی دەبیت؟ ئایا دانانی نەوشیروان مستەفای شەریکە میژووی تالەبانی بە جیگری ئەو ئیتر زەمانەتی ئەم مافانەی خەلك دەکات؟!

هەر لەم پەیوەندەدا جیگای خۆیەتی ئەوە وەبیر خەلکی کوردستان بهینینەوە کە نابێ لە سیناریۆی هەلبژاردنیکدا بەشداری بکریت کە سەروبەری بریتیە لە شەرعیەتدان بە دەسەلاتی میلیشیایی و داسەپاوی ئەم جەنابانەی کە خۆیان کارنامەی رەشی خۆیانیان ئاشکرا کردوە. ئەم بە ناو هەلبژاردنە جگە لەوەی فری بەسەر هەلبژاردنەوە نیە، جگە لەوەی کە هیچ پیوانەیەکی هەلبژاردنی تیا نیە، جگە لەوەی دەیەوێ پیلانی ئەمریکاو هاوکارانی لە عیراقدا دریژە بدات، جگە لەوەی دەیەوێ خەلکی کوردستان بگیریتەوە بۆ ژیربالی شۆڤینستە میراتگرەکانی بەعس و صدام، لە هەمان کاتیشدا دەیەوێ لە کوردستاندا شەرعیەت بدات بە

دەسەلاتی لە پیشدا فەرزکراوی ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتی کە خاوەنەکانی ئەم بەلگەنامانە سەرقافلەی لیستەکەیانن. خەلکی ئازادیخواز نابێ لەم سیناریۆ گالتەجارانەیە بەشداری بکەن، دەبێ مەحکوم بە شکستو ناکامی بکەنەوەو لە دەوری شیعاری ریفراندۆم پیش هەلبژاردن هیزی خۆیان بهیننە مەیدان. ئەمە ریگایەکە کە داهاتویەکی درەخشان دەخاتەبەردەم کۆمەلگای کوردستانو هاوکاتیش بواردەکاتەوە بۆ رزگاری خەلك لە رکیفی ئەم کۆلکە دکتاتۆرانە.

## دەقی یاداشتی چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بۆ جەلال تالەبانی

**گەورەی بەریز مام جلال سکرتیری گشتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان**

**سلاوو ریز**

ماوەیەکی زۆرە ئەمانەوی هەندی مەسەلە کەپەیوەندی بەچارەنوسی کورد و یەکیتیەوە هەیە باس بکەین بەلام بەراستی جەوی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی کە بەریز سکرتیری گشتی جۆری لە (ئیرهابی فکری) بەسەردا سەپاندووە بەهیچ جۆری بەکەلکی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە نایەت چونکە کۆتاییەکەی بەشەرو تیکچوون و دەنگە دەنگ تەواو دەبی، بۆیە بەچاکمان زانی بیرو بۆچونەکانی خۆمان بە نوسین بخەینە بەرچاوتان.

یەکیتی ئەو ریکخراوەی کەزۆربەی ئیمە سالانیکی زۆری تەمەنی لە دامەزراندن و بەهیز کردن و ریکخستنیدا بەسەر برد، ئیستا بۆتە دەسکەلایەکی بی گیان بەدەست سکرتیری گشتی یەوەو بە ئارەزووی خۆی هەلی ئەسورینی بی ئەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگیریەکەی و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و دەزگاکانی هیچ دەوریکیان هەبی لەدارشتنی بریارە سیاسی و ریکخراوەیی وپیشمەرگەییەکانی دا.

1- سکرتیری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری دارایی یەکیتیە جگە لە خۆی هیچ ئەندامیکی تری سەرکردایەتی نازانی یەکیتی چی هەیەو چەندی هەیەو لەکوییەو لەلای کێیەو سەرکردەکەی کوێیەو چۆن سەرف دەکری و بەقازانجی کی بازارو بازرگانی و قونتەراتی پاوان کردووە.

2- سکرتیری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری دەرەوەیەو بەئارەزوی خۆی سەفەری ولاتان دەکات و گفتگۆ لەگەل ولاتاندا دەکات، پەیوەندی لەگەل ئەم دەولەت دائەمەزرینی و لەگەل ئەو دەولەت تیکئەدا، نوینەرانی یەکیتی لەو ولاتانەدا دادەنی و لادەبات و قسەی ناکۆك و ناساز بۆ دەزگا جیهانیەکانی راگەیاندن دەکات.

3- سکرتیری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری ریکخستنە، بەرپرسی کاروباری ریکخراوە دیموکراتیەکانە، بەرپرسی کاروباری هیزی پیشمەرگەیە، فەرماندەیی، ئەندامانی مەکتەبەکان، مەلبەندەکان، کۆمیتەکان، خۆی دایان دەنی و خۆی لایان دەبات، دلسۆزی بۆ یەکیتی، لیوەشاوەیی، رابردوی باش، دەست ودەم و داوینپاکی هیچ نرخیکی مادی یان مەعنەوییان نەماوە، دلسۆزی بۆ

سکرتیری گشتی و گوێڕایەلی کویرانەو جی بەجیی کردنی فەرمانەکانی بۆتە مەرجی هەرە گرنگی بەرزبونەوەو هەلکشان بەرەو ژوور.

4- سکرتیری گشتی بەتەنیا خۆی گفتگۆ لەگەل حزب و ریکخراوەکان دەکاو بریاری ئاستی پەیوەندی و جۆری هاوکاری و ریکەوتن و ئەندازەی یەرمەتییان تییایە.

5- سکرتیری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری راگەیاندنە، بەرپرسی رۆژنامەو و رادیو و تەلەفزیۆنە، نوسەر و بیژەرەکانی تەنانەت تەکنیکارەکانی بە ئارەزوی خۆی دەهینی و دەگۆریٚ، رەنگە دەزگای راگەیاندنی یەکیتی تەنیا دەزگابی لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەراستدا رۆژانە خۆی وینەکانی خۆی و میوانەکانی و هەوالەکانی بۆ بلاوکردنەوە لەدەزگاکانی راگەیاندندا هەلدەبژیریٚ.

6- سکرتیری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری حکومەتە، وەزیرو وەکیلی وەزیرو، سەفیرو مودیری عام دادەنیت و دەگۆریت جگە لە خۆی کەس بۆی نییە لەوەزیرەکان و لەکارە باش و خراپە کانیان بپرسیتەوە.

7- سکرتیری گشتی بەتەنیا خۆی بی ئەوەی پرس بە سەرکردایەتی بکات بەشدار بوو لەنوسین و پەسەندکردنی (قانونی ئیدارەی دەولەتی عیراق)دا بەتەنیا خۆی بەخاوەن بریار دەزانی لە دیاریکردنی خواستەکانی گەلی کورد و چارەنوسی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەریم و جۆری بەشداری لە حکومەتی ناوەندی دا.

لەناو یەکیتی دا ژیانی دیموکراتی حزبایەتی، سەرکردایەتی بەکۆمەل، ریزگرتنی ئیرادەی زۆرایەتی، ریزگرتنی ئازادی بیرو بۆچوون نەماوە، یەکیتی بەرەو ئەوە دەبات بیکاتە حیزبی بنەمالەکەی خۆی، بیٚباوەری لە نیوان ئەو و ئەندامانی سەرکردایەتی و بنکە ریکخراوەیەکانیدا دروست بووە هیچ ئەندامیکی لە هیچ کۆبونەوەیەکی یەکیتیدا کە سکرتیری گشتی سەرپەرشتی بکات یا بە شدار بیت ، ناتوانیت بیرو بۆچونی خۆی بە سەربەستی باس بکات، چونکە سل دەکاتەوە لەوەی کە سکرتیری گشتی لەناو کۆبونەوەکەدا بچیتەوە بەگژیداو بیشکینی و سوکایەتی پیبکات.

ئەمانە هەمووی بۆتە هۆی پەیدابونی تاقمی ئەندامی موناقیق ودوڕوو درۆزن لە دەوری سکرتیری گشتی کەهەل و مەرجی راستەقینەی گیروگرفتەکانی یەکیتی و نارەزایی خەلکی لی ئەشارنەوەو راپۆرتی درۆ و هەوالی ناراستی بۆ ئەهۆننەوە.

لە ئەنجامدا گەندەلی دارایی، گەندەلی سیاسی و گەندەلی کارگیری و بەریوبەرایەتی، تەنانەت گەندەلی خورەوشت سەرانسەری دامودەزگاکانی حزب و حکومەتی گرتۆتەوە بە جۆری کە بۆتە هۆی نارەزایی گشتی خەلك و زۆری ئەندامەکانی یەکیتی و بۆتە مەترسی یەکی راستەقینە بۆسەر یەکیتی و پاشەرۆژی.

بۆیە ئیمە بە پیویستمان زانی بەوپەری سەربەستیەوە بەم یاداشتە بیرو بۆچونەکانی خۆمانتان بۆ بنوسین و پیشنیارەکانی خۆمان بۆ چاککردنی ژیانی ناوخۆی یەکیتی کە کلیلی چاککردنی زۆر بواری تری ژیانی سیاسی حزبی و حکومەتییە بخەینە بەرچاوتان، پیشتریش کە بەم ئاشکراییە باسمان نەکردووە هۆیەکەی دەگەریتەوە بۆ ئەو مەترسییە گەورانەی هەرەشەیان لە جولانەوەی کوردو یەکیتی دەکرد.

سکرتیری گشتی تەمەنی لە(70) سال تیپەریوە، کاتی ئەوە هاتووە ئیتر وەکو "رەمزیکی بەریز" خۆی لە دەستیوەردانی ئیش وکاری رۆژانەی یەکیتی بکیشیتەوەو راپەراندنی کاروباری رۆژانە بەجی بهیلی بۆ هاوریکانیو ریگا بدات بە یەکیتی بگەریتەوە سەر کارکردن بەپیی سەرەتا ریکخراوەیەکانی و لە داهات و خەرجی دارایی یەکیتی دا پەیرەوی روونی (شەفافیەت) بکات و سەروەت و سامانی یەکیتی و سەرچاوەکانی داهاتی ئاشکرابکات.
لە کۆتاییدا دەلیین ئیوە ئەگەر هەر سوور بن لەسەر دریژە پیدانی ریبازی پیشوو لە شیوەی بەریوە بردنی کاروبارەکانی یەکیتی و حکومەتدا وئەگەر بتانەویت ئیش و کارەکانی یەکیتی و دەسەلاتەکانی بە شیوەی ئیستا لەدەستی خۆتاندا بهیلنەوە بی ئەوەی هەولی جدی بدەن بۆ چارەسەرکردنی بنەرەتی ئەو تەنگ و چەلەمەیەی یەکیتی تیایدا دەژی، ئاوا ئیمە کەماوەیەکی دریژ هاوبیروباوەرتان بووین لەکاری سیاسی و هاوسەنگەرتان بووین لەکاری پیشمەرگایەتیدا لیرە بەدواوە چیتر لیپرسراویتی میژوویی‌تان لەگەل هەلناگرین. خۆمان (مینبەریکی ئاشکرا) دروست دەکەین بۆ چاکردنی وەزعی یەکیتی و ئیمە ئیتر خۆمان بە ئازاد دەزانین لە هەلبژاردنی هەرشیوەیەکی کاری سیاسی کە خۆمان بە چاکی بزانین بۆ قازانجی گەل و نیشتمانەکەمان و یەکیتی نیشتمانی کوردستان.
لەگەل ریزماندا

کۆسرەت رەسول
نەوشیروان مستەفا ئەمین
عومەر سیدی عەلی